

# بیرەوەری ساڵە تەڵخەکان

**هێمن حەمەتۆفیق**
**(چەمچەماڵ)**

کاتێک مامۆستا دەیبردم بۆ ئیدارەی قوتابخانە، لەترسان میزم دەهات، دەترسام زۆر لە ئیدارە ڕامگرن و میز بەخۆمدا بکەم، تەنها من وانەبووم، هەندێک لە هاوڕێکانیشم وابوون، لەگەڵ مامۆستاکان گەورە بووین و بووینە هاوڕێ، ئەو پێکەنینانەی لە دڵەوەبوون و ڕاستی بوون، لە پۆل و گۆڕەپانی قوتابخانەکان جێمان.

چێژی تەمەن چەندە کەمە! هەر ئەوەندەیە لە قوتابخانە.

لە قۆناغەکانی خوێندن مامۆستاکان زۆربوون، زۆریان لەیادگاریمدا مانەوە.

مامۆستای ئابووریمان قەرزێکی زۆری هاتە سەر، هەڵهات، تەنها لە خاوەن قەرزەکان هەڵنەهات، لە وڵات، لە قوتابخانە و خوێندکارەکان هەڵات، خێزان و منداڵەکانیشی نازانن بۆ کوێ چووە.

مامۆستای بیرکاریمان هەموو ڕەنگەکانی تەباشیری دەخستە گیرفانی، بەخەتێکی ورد ژمارە و یاساکانی لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسی، تا جێگای زۆرترین نموونە بکاتەوە، جارجارە نموونەیەکی لەسەر دیواری تەنیشت تەختەکە ڕەشەکە دەنووسییەوە، پێنج خولەکی نێوان وانەکەش دەماننووسییەوە فریا نەدەکەوتین، کە خانەنشین بوو، دووکانی مۆبایلی دانا.

مامۆستای زیندەوەرزانیمان، زیندەوەرێکی میهرەبان بوو، لەوانەیەکدا باسی پەپوولەی بۆ دەکردین، باڵەکانی لێک کردەوە، لای دەرگاکەوە بۆلای پەنجەرەکە باڵەکانی لێک دا، زۆر ترسام بفڕێ و هەرگیز نەیبینمەوە، بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا، وابزانم گەڵابە شێلای.

مامۆستای مێژوومان، پێنج ساڵ بوو شووی کردبوو، نازی بەسەر ئەو جەنگانەدا دەکرد لەسەدە کۆنەکاندا

ڕوویان دابوو، ئێمە دەمانزانی هەموو جەنگە گەورەکانی دنیا، ناکاتە شەوێکی پڕ ئەستێرە کە سەربازێک نامەیەکی تێدا دەنووسێت و میز بە مێژوودا دەکات و نامەکەی ناگات.

مامۆستای زمانی عەرەبیمان کچێکی جوان بوو، زیاتر گرنگی بە مەکیاژی عەرەبی دەدا، وەک لە (مبتدا و خبر) لە گۆرانیبێژێکی عەرەب دەچوو، ناوی گۆرانیبێژەکەم بیرنەبوو، پێ دەچێت گۆرانیبێژەکە لبنانی بووبێت، لەم دواییانەدا زانیم مامۆستاکە سەفەری وڵاتێکی ئەسکەندەناڤیای کردووە و بۆ ئەبەد ڕستە عەرەبییەکانی بەسەر وایت بۆردەکەوە جێ هێشت.

مامۆستای زمانی کوردیمان پیاوێکی دیندار بوو، بەردەوام چیرۆکی کەسایەتییە ئایینییە مێژووییەکانی دەگێڕایەوە، باوباپیرانمانی بە بێ عەقڵ وەسف دەکرد، کە دژی ئەم ئایینەن، وەک ئەوەی ئامادەی جەنگەکان بووبێت. فرمێسکی شادی دەکەوتە چاوەکانی، ڕیشێکی تەنکی هەبوو، تاکە مامۆستایە بە ڕیش و بێ ڕیش هەر خۆشم دەویست.

مامۆستای وەرزشمان قەڵەو بوو، تۆپی دەخستە گۆڵەوە هاواری دەکرد، پیاوێکی فشەکەر بوو، هەندێک جار بۆنی ئارەقە و جگەرەی لێ دەهات، جگەرەی بەفشە نەدەکێشا، دوایی لە قەمەرەیەکدا وەرگەڕا و دنیایەک بێتاقەتی بۆ جێ هێشتین، نایشارمەوە ئێستاش هەندێک جار فشەکانی بۆ هاوپۆلەکانم دەگێڕمەوە.

مامۆستای هونەر، پارچەکانی فلووتەکەی بەسەر تەختەی پێشەوەی پۆلەکەوە لێک دەدا و لای دەرگاکەوە لە ڕیزی کچەکان فووی پێدا دەکرد دادەنیشت و نەیدەزانی وێنەی گوڵێک بکێشێت، ئارەزووی هاوڕێیەتی مامۆستا کچەکان بوو، دوایی لەگەڵ مامۆستایەکی کچدا هاوسەرگیری کرد و پاشان دوو منداڵ لێک جیابوونەوە.

هەموویان تووڕەبوون، کارگوزارەکە نەبێت، تووڕەیی بۆ ئەو ساڵانە مۆدە بوو.

مامۆستای زمانی [ئینگلیزی (E)] گەنجێکی پێست ئەسمەر بوو، کۆتری خۆش دەویست، ڕۆژێک کە هەورێکی قورس بەسەر شارەکەمانەوە بوو، کۆترێک لەژێریدا تەقڵەی لێ دەدا، لە پەنجەرەکەوە چاوی لێ کردبوو، گوتی: کێ بتوانێت بیگرێت لەوانەکەی خۆم دەری دەچوێنم، هاوپۆلێکمان بۆی هێنا، کۆترەکە سپییەکی مل سوور بوو، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، ئینگلیزییەکەی باش نەبوو، دوای تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ سەفەری کرد بۆ ئەورووپا، کۆترەکانی بۆ ئەبەد بە ئاسمانەوە مانەوە.

مامۆستای جوگرافیامان پیاوێک بوو ورگی لە جەستەی گەورەتر بوو، لە هەموو وانەکانی (کوڕەی ئەرزی) بەدەستەوە بوو، پەنجەی دەخستە سەرخاڵێک دەیگوت: ڕۆڵەکانم ئەمە هەڵکەوتەی جوگرافیای نیشتمانی ئێمەیە، من لە ورگە خڕەکەیم دەڕوانی و ناوکیم بە نیشتیمان دادەنا، مامۆستاکە جەڵتەی دەماغ لێی دا و چووەسەر عەرەبانە، عەرەبانەیەک جوگرافیاکەی نادیار نادیارە!

مامۆستای ئایینمان وەکوو ئێسکەپەیکەرێک بوو، پێستێکی سپی جوانی هەبوو، دەیگوت: هەموو ئایینەکان یەکن چ ئاسمانی چ زەمینی، بەرانبەر ئایینە بێ هێزەکان بانگەشەی ئاشتی و یەکسانی مرۆڤ، تەنانەت بە دڕک و خشۆکێکیشی دەدەن، کە بەهێزبوون بەرانبەر دەسڕنەوە، تەمەنی پەنجا ساڵی زیاتر بوو، ژنی نەهێنابوو، بەڵام ئەمێستا ڕەنگە کۆشێ منداڵی هەبێت.

بەڕێوەبەر بەردەوام چاکەت و پانتۆڵی لەبەربوو، دوو چاکەت و پانتۆڵی هەبوو، چاکەت و پانتۆڵە ڕەشەکەی لە بۆنەکاندا لەبەربوو، لەکاتی وتاردانەدا ئەوەندە بەخاوی قسەی دەکرد، هەندێک لە قسەکانی لە گۆڕەپانەکەدا جێمان و ئێستاش نەگەیشتنە گوێمان، باسی ئاڵا، شۆڕش و نیشتمانی بۆ کردین، باسی سوودەکانی زوولەخەوهەستان، ماست و نینۆک و بڕوانامەی بۆکردین، بەهەرحاڵ بۆ ئێستا، بۆ هەموو باسەکان سپاسی دەکەم.